www.kurdistannet.org
30-5-2003 2:55

# با گوله سورەکانی باخچەی کۆمەلە هەرگەشاوە بن

حاجی ئەنوەر

لایەنێک یان کەسێک کە کۆمەلە ی ناسیبێت باوەڕناکات هەندێک کاری نادروست یان ووشەی نابەجێ لە لایەن کەسانـێکەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەنـدامی ئەو ڕێـکخراوە سیاسیەی هەلــقولاوی ناو بزوتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە، ڕوبدات. بەلام بە داخەوە دەلێــن ماوەیەکە و بە دوای ئنشعابەوە هەندێک کارو ووشە ڕوویداوە و کراوە کەدوورن لە ئسولێک کە لە کۆمەلەدا جێکەوتە بوو وەڕەنـگـیشی دابویەوە لە ناوچەکەدا.

من وەکو دۆستێکی کۆمەلە و وەک یەکێک لەو سەدان پێشمەرگانەی کە چاوی هیوامان بڕیبوە خەبات و گیانبازیەکانی کۆمەلە لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا، نیگەرانی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر هەرکارێک کە کۆمەلە لە دژی دەوەستا و خوێنیکی زۆریشی لە پێناودا بەخشی. ئەو گولە سورانەی کەبەخوێنی سەدان مرۆڤی مەزنی وەک کاک حەمەحسێن وکاک فواد و دکتۆر جعفرو کاکە شوان وکاک نەورۆزو کاک سدیق و شێخ علی قادری وهەزارانی ترلە زەحمەتکێشانی کوردستان ئاو دران با هەر گەشاوە بن.

هاوڕێیانی خۆشەویست

ئێران لەبەردەم گۆڕانکاریەکی گەورەدایە، کۆمەلگای ئێران ئەگەر چی لە ڕوودا وەک بورکانێکی ئارام خۆی دەنوێنێ، بەلام ناوەوەدا قولپ ئەدات و لە چکۆلانەترین مەنفەز دەگەڕێت !! کە ئێوە لە هەموان باشتر ئاگادارن.

کۆمەلە بە درێژای خەباتی لە هەولی سابت کردنی کۆمەلێک بنەمای شۆرشگێڕیدابوەو خوێنـیشی لە پێناودا داوە لەوانە ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، هەربۆیە پاراستن و تەسبیت کردنی ئەو داخوازیە ئەرکی هەموئەندامانی و دۆستانی کۆمەلەیە کە لە نیهایەتدا بە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەشکێتەوە. لەو مونتەلەقەوە پیادەکردنی هەلسوکەوتی شارستانیانە و پێشکەوتوخوازانە کە سونەتێکی باوە لە ناو کۆمەلەو شوێنی نفوزی کۆمەلەدا و لەناو دل و دەرونی هەرکەسێک کە ئاشنایەتی بە سیاسەت و هەلسورانی کۆمەلە هەبێت !! هەربۆیە یەکالاکردنەوەی کێشە و جیاوازیەکان دەبێت لە و ڕوانگە شارستانانیەوەبێت، دەرچونیش لەو چوارچێوەیە لە لایەن هەر لایەکەوەبێت ئەوا دەکەوێتە بەر نەفرەتی جەماوەری زەحمەتکێش و بەشمەینەتی کوردستان.

کوڕەکانی کۆمەلە سەروەت و سامانی زەحمەتکێشانی کوردستانن و بەرهەمی خەباتی چەندەها چەندین سالەی ئەو خەلکە ستەمدیدەیە و ئێوەش بە بەردەوامی تاکیدتان لەوە کردوەتەوە کە سەرکەوتن لە ڕێگای خەبات و ڕاپەڕینی جەماوەرەوە بەدیدێت و هێزی پێشمەرگەی کۆمەلەش باسکێکی چالاکی ئەو شۆڕشەیە، هەر بۆیە شکاندنی ئەو باسکە کە هیچ بەهانەیەکی ( مبرر) بۆ نیە خزمەتێکی زۆر گەورەی بێ پاداشتە بە دوژمنانی چینایەتیمان.

ئاشکرایە لای هەموان کە کۆمەلە تەنها ناوێک یان ووشەیەکی سادە نیە، بەلکو شۆڕشێکی گەورەیە و سەدان ئامانجی گەورەشی لە خۆگرتوە هەربۆیە زۆرێک لە کرێکاران و زەحمەتکێشان چاوی هیوایان تێبڕیوە و چارەنوسی خۆیانیان پێوە گرێداوە. خاوەنی کۆمەلە ئەو شۆڕشگێرانە خاوەن باوەڕە هۆشیارو بەئەمەکانەن کە بە عملی بە دوای داخوازیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوەن تا سەرکەوتنی یەکجاری و کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوە. خەلکی کوردستانیش بە ئاگان و ئەگەر ئەمڕوو سبەی لە ئاستی هەندێک دیاردەی نا مرۆڤانەدا چاو دەنوقێنن !! بەلام ڕۆژی حیساب دێت و بورکانی پەنگ خواردویان دەتەقێتەوە. ئازاو هۆشیارو دلسۆز و خاوەنی کۆمەلە، خەلکی بەشمەینەتی کوردستان دیاری دەکەن. ئەی

**ئافەرین بۆ ئەو لایەنەی کە لە ڕێگای کاری شۆڕشگێڕانە و خزمەت کردن بە ئاوات و ئامانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەو شەرەفە گەورەیەی بە خۆی دەبەخشێ.**

شەڕ لە بەرژەوەندی هەر لایەکدا بێت، لە بەرژەوندی ئێمەی هەژارو بەشخوراودا نیە. شەڕی ئێمە شەڕێکە بۆ گەڕانەوەمان بۆ مرۆڤ بونمان و دوور لە هەر بێبەشیەکمان. مێژووی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی گەلی کورد نیشانی داوە کۆتایی شەڕی خوشک و براکان، هەر دانیشتن و ڕێکەوتنە. با کەس نەکەین بە کوێخاو دەم سپی بەسەر خۆمانەوە. با کێشەکانی خۆمان لە ناو خۆماندا و لە مالی خۆمان دا چارەسەر بکەین. با لە جیاتی دوژمنانمان یەکترنەکەینە پارچە گۆشتی بەر دەم لولەی چەکەکان. با دەرس لە مێژوو وەربگرین.

**شەکاوە بێت ئالآی شۆڕشی سوور**

**هاوڕێتان / حاجی ئەنوەر ٢٠٠٣/٥/٢٩**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**